https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.21

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێندنەوە و ئەزموونکردنیدا
## (ئینستەڵەیشن وەک نموونە)

مریوان جبار امین                    پ. ی. د. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی

قوتابی دکتۆرا، کۆلێژی هونەر، زانکۆی سەلاحەدین.              کۆلیژی زمان،

زانکۆی سەلاحەدین.

artarthome2020@gmail.com        sangar.shekhmohammad@su.edu.krd

**پوختە**

هونەری چەمکگەرا لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم وەک درێژەیەک لە ڕەوگەی مێژووی هونەری شێوەکارییدا خۆی بەدیاردەخات، مێژوویەک کە لە ڕووی تیۆر و کردارەوە گەلێک گۆڕانکاری ڕیشەیی بەخۆوە دیوە و هەموو ئەم گۆڕانکارییانەش دەرەنجامی هونەری چەمکیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بەرخوردمان لەگەڵ ئەم هونەرەدا دەبێت وەک واقعێکی مێژوویی هونەر وەرگرین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. هونەری چەمکگەرا هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە فاکتەری چەمک و هزر لە بنەما سەرەکییەکانیەتی کە ئەم فاکتەرە خۆی وادەکات ئەم هونەرە لە پێکهاتەی خۆیدا کۆی بنەما و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی وەک بەرهەمێکی هونەری دووچاری هەڵوەشانەوە و دووبارە بونیادنانەوە بکات. ئاشکرایە، هەر شێوازێک لە هونەر هەڵگری پێکهاتە و ڕێکخستنی تایبەت بە خۆیەتی بۆ بەرجەستەبوون و خستنەڕوو، هەروەها تێگەیشتن و سەرنجدانە ئەم پێکهاتەیەش لە پرۆسەی خوێندن و ئەزموونکردنی کارە هونەرییەکەدا کاریگەرییەکی بەرچاو دەگێڕێت، بۆیە هونەری چەمکگەراش وەک هونەرێکی سەربەخۆ و جیا لە هونەری کلاسیکی و مۆدێرن، خاوەن پێکهاتە و بنەمای کارکردنی خۆیەتی کە لە خوێندنەوە و ئەزموونکردنیدا وا دەخوازێت لەسەر هەمان بنەما سەرنجبدرێت.

**وشە کلیلییەکان**: هونەری چەمکی، چەمکگەرایی، پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا، ئینستەڵەیشن.

## پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێندنەوە و ئەزموونکردنیدا

## (ئینستەڵەیشن وەک نموونە)

### ١- پێشەکی

هونەری چەمکگەرا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم وەک واقیعێک لە هونەری شێوەکاریدا خۆی بەدیاردەخات، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەمایی لە کۆی پڕۆسەی کاری هونەریدا هێنایە کایەوە، هەر لە بونیادنانی کارەکەوە تا دەگاتە پڕۆسەی نمایش و بەرکەوتنی کارەکە لە لایەن بینەرەوە. ئەم گۆڕانکارییە بنەماییە هونەری چەمکی لە هونەری سەردەمی کلاسیک و مۆدێرن جیادەکاتەوە و تایبەتمەندیی خۆی پێدەبەخشێت لە پێکهاتەی کارەکەدا، هەر ئەم پێکهاتەیەش گرنگیی خۆی دەبێت لە بونیادنان و خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارە هونەرییەکەدا، بۆیە سەرنجدانە ئەم پێکهاتەیە وەک پرسێک بۆ توێژینەوە بابەتێکی نوێ و بایەخدار دەبێت لە بواری تاوتوێکردنێکی ئەکادیمی سەبارەت بە کارکردنی هونەری چەمکیی. توێژینەوەی بەردەست بە ناونیشان ***پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێندنەوە و ئەزموونکردنیدا (ئینستەڵەیشن وەک نموونە)*** هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ تاوتوێکردن و ناساندنی پێکهاتەی کاری هونەری چەمکی کاریگەرییەکانی لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارە هونەرییەکەدا.

### ١-١- کێشەی توێژینەوە

هونەری چەمکگەرا کە هونەرێکی پۆستمۆدێرنە ئەزموونێکی نوێ و جیاوازە لە کارکردنی هونەری لە میانەی مێژوویەکی دوور و درێژ لە کارکردن لە چوارچێوەی کلاسیک و مۆدێرندا. هونەری چەمکگەرا

مۆدێلێکی نوێ و دابڕانێکی بنەمایی لەخۆدەگرێت لەو مۆدێلە کارکردنە باوەی کە پێشتر کاری هونەری لەسەر بونیاددەنرا، ئەویش لە پێناو بەرجەستەبوونێکی نوێی کاری هونەری لە چوارچێوەیەکی نوێ و لەسەر بنەمایەکی نوێ کە بە پێچەوانەی کارکردنی کلاسیک و مۆدێرنەوە، ئەم بنەمایە بنەمایەکی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو بنەمایەکی هزری و چەمکییە، هەر ئەمەش میکانیزمی کارکردنی ئەم هونەرە بەجارێ دووچاری گۆڕان دەکاتەوە.

لە کارکردنی هونەری کلاسیک و مۆدێرندا، دارشتنی هونەری و یاساکانی دارشتن و ڕێکخستنی توخمە بینەییەکان لەگەڵ توانای تەکنیکی و لێهاتوویی هونەرمەند بۆ بەرجەستەکردنی کارێکی هونەری، کە دواجار هەڵگری ئیفێکتی ئیستاتیکیی تایبەت بە خۆیەتی، ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاودەگێڕن لە پێکهاتە و بونیادنانی کارێکی هونەریی سەرکەوتوودا، بەڵام لە هونەری چەمکیدا و بە تایبەت کاری ئینستەڵەیشن(کە جێی مەبەستی توێژینەوەکەیە) کە لە چوارچێوەی ئۆبجێکتی ئامادەدا خۆی بەرجەستە دەکات، دارشتنی هونەری و توانا تەکنیکییەکانی هونەرمەند ڕۆڵیان نامێنێت لە بونیادنانی کاری هونەریدا و لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە کارکردن بە پێی ئەو سروشتەی هەیەتی هەڵگری بنەما و پێکهاتەیەکی جیاوازە کە پێویستی بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە هەیە. وەک ئەوەی کە پێکهاتەی کاری چەمکی لەسەر چ بنەمایەک دەڕوات و ئەو فاکتەرە پێکهێنەرانە چین کە بونیادیدەنێن و دەیکەن بە کارێکی هونەری. توێژینەوەی بەردەست لەمیانەی تاوتوێکردنی ئەم پرسەدا، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەی کاری هونەری چەمکگەرا و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی ئەم پێکهاتەیە کە ڕۆڵی سەرەکی لە بونیادنانی کارەکەدا و دواجار لە خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارەکەدا دەگێڕن.

### ١-٢- پرسیاری توێژینەوە

- سەرەڕای نەبوونی داڕشتن و ڕێکخسنی ئیستاتیکی بینەیی (کە لە کارکردنی کلاسیک و مۆدێرندا هەیە) ئایا هونەری چەمکگەرا لە ڕووی پێکهاتە و ڕێکخستنەوە هەڵگری چ بنەمایەکە بۆ بونیادنانی کاری هونەری؟

- ئەو فاکتەرە پێکهێنەرانە چین کە کاریگەرن لە پێکهاتەی کاری چەمکگەرادا و دواجار لە خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارەکەدا کارسازن؟

### ١-٣- گریمانەی توێژینەوە

- پێکهاتەی کاری هونەری چەمکی بنەمایەکی جیاوازی لە کارکردنی کلاسیک و مۆدێرن هەڵدەگرێت و خۆی نابەستێتەوە بەو داڕشتن و ڕێکخستنە ئیستاتیکییە باوەی کە پێشتر لە کارکردنی هونەریدا هەبووە، بەڵکو هەڵگری پێکهاتەیەکی جیاواز و ڕێکخستنی فۆڕمێکی جیاوازی تایبەت بە خۆیەتی.

- ناونیشان و ئۆبجێکت و چەمک، سێ فاکتەری بنەڕەتی و کاریگەرن لە پێکهاتەی کاری چەمکیدا و پەیوەندیی نێوان ئەم سێ فاکتەرە هەڵگری فۆڕمێکە کە خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارەکە دەڕەخسێنێ.

### ١-٤- گرنگیی توێژینەوە

- ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی نوێ و ئەکادیمی دەبێت بۆ باسکردن لە پرسی ڕێکخستن و پێکهاتەی هونەری چەمکگەرادا، هەروەها ئەنجامەکانیشی بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنێکی نوێمان دەداتی بۆ بەئەنجامگەیاندن و خوێندنەوەی کاری هونەری چەمکگەرا.

- ناساندن و دەستنیشانکردنی ئەو پێکهاتە و فۆڕمەی کە کاری هونەریی چەمکگەرا خۆی لەسەر بنیاددەنێت گرنگییەکی دیکەی توێژینەوەی بەردەستە، کە ناسینی ئەم فۆڕمە ڕێکخستنی خۆی بەرچاوڕوونییە چ بۆ هونەرمەند، چ بۆ بینەر و ڕەخنەگر.

**١-٥- میتۆدی توێژینەوە**

توێژینەوەی بەردەست لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان و ساغبوونەوەی گریمانەکان و دەرەنجامی دروست لە شیکردنەوەی نموونەکاندا پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری دەبەستێت کە میتۆدێکی گونجاوە بۆ بابەتەکە.

**٢-١- هونەری چەمکگەرا**

هونەری پۆست مۆدێنیزم لە درێژەی مینیمالیزمدا دەگات بە چەمکگەرایی کە وەک بزاوتێکی چەمکی و گوتارئامێز هاتە گۆڕێ و لەگەڵ خۆیدا واتایەکی پڕاوپڕ پۆستمۆدێرنیزمیی هەڵگرتبوو. بە تێڕوانینێکی گشتی دەبینین کە پەڕینەوە لە مۆدێرنیزم بۆ پۆستمۆدێرن بە شێوەیەکی کرداری سێ قۆناغ لەخۆدەگرێت، یەکەم وەلاوەنانی فاکتەری جوانی لە هونەردا کە سەرەتاکەی لە دادایزم و دواتر لە پۆپ ئارتدا دەردەکەوێت. دووەم پەتیبوونەوەی فۆڕم وەک ئەوەی کە دەبینین لە مینیمالیزمدا بەدیاردەکەوێت. سێیەمیش هاتنەناوەوەی فاکتەری چەمکە بۆ کاری هونەری، کە پێکهاتە و واتای کارە هونەرییەکە بە تەواوی دەگۆڕێت.

هونەری چەمکگەرا ئیستاتیکا وەک ئامنجێکی سەرەکی هونەر وەلاوە دەنێت و هونەرمەندانی سەرەتایی ئەم بوارە باوەڕیان وابوو کە ئەگەر هونەر پەلکێشی تێفکرینمان نەکات، کەواتە شتێکی زیادەیە، هونەرمەندانی ئەم بوارە هونەرێکیان ڕەتدەکردەوە و پێیان نەشیاو بوو کە لەسەر

بنەمای ئیستاتیکا و توانا تەکنیکییەکان بونیادنرابوو، بۆیە هونەرمەندانی چەمکگەرا برەویان بە دووبارە سەرنجدانەوە لە تێگەیشتن و درکی هونەر و هونەرمەند و ئەزموونی هونەری دەدا (ایل کا، ١٣٩٤، ١٢).

چەمکگەرایی لە هونەردا وەک بزاوتێک لە کۆتاییەکانی ١٩٦٠ سەدەی بیستەم خۆی بەدیاردەخات. ناوهێنانی هونەری چەمکگەرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٧ کە بۆ یەکەم جار سۆڵ لویت (Sol LeWitt) لە دەقێکدا بە ناونیشانی پاراگرافەکان لە هونەری چەمکیدا، خستیەڕوو. لویت لە دەقەکەیدا جەخت دەکاتەوە کە وێناکردنیش بۆ خۆی، تەنانەت گەر بە شێوەیەکی بینەییش ڕووی نەدابێت، ئەوکاتەی کە پرۆسەکەی بەئەنجامدەگات و تەواو دەبێت، بە بەرهەمی هونەری ئەژماردەکرێت. هونەرمەندانی چەمکگەرا بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی فەلسەفەی زمان، واقیعیان شیکاردەکرد، بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێک لە هونەر کە بتوانێت ئەو واقیعە وەسفبکات  لە چوارچێوەیەکی چەمکگەرا و زمانەوانیدا. جۆزیف کاسوت (Joseph Kosuth) لە گوتارێکدا کە پێیوایە هونەر وەسفی هونەرە، دەیوەیست جەختبکاتەوە لە سەربەخۆیی تەواوی زمانی هونەری لە فۆڕمی بەرچاو و هەستپێکراو بە جۆرێک کە وای دەبینیت کە هونەر هونەرە و تەنیا ئاماژە بە خۆی و زمانی خۆی دەکات (صابر، ١٣٩٣، ٤١). ئەوەی لێرەدا ئاماژەی دەکەین جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی هزری و بیرۆکەی کارەکە کە دواجار ڕەهەندێکی گوتارئامێز بۆ بینەرەکەی لەخۆدەگرێت، ئەمەش لەبری ڕەهەندی ئیستاتیکیی بینەیی و کاریگەرییەکانی کە وەک فاکتەرێک چاو و هەست و سۆزی بینەر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و ئاراستەی دەکات، بۆیە دەبینین کە لویت لە بۆچوونەکەیدا جەخت لە بیرۆکی پەتیدەکاتەوە، تەنانەت بێ هیچ ڕواڵەتێکیش هەر بە هونەر ئەژماریدەکات.

له کارکردنی هونەری چەمکگەرادا بەرهەمی چەمکی لاساییکردنەوە و لەبەرگرەوەی سروشت نییە و پەیوەندییەکانی هونەرمەند و بەرهەم و وەرگر گۆڕانکاری بەسەردادێت، بەڵکو هونەرمەند لەسەر بنەمای لۆجیکیی کەسیی خۆی لە کاریگەرییەکانی زمان و دەربڕینی ڕاستەوخۆ لە سروشت و ژیاندا کەڵک وەردەگرێت، هەروەها بابەتی کارکردنیشی سەرەڕای چییەتی شتەکان بریتی دەبێت لە بوارە جیاوازەکانی وەک واقیعە سیاسی و تەکنەلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان. لە میانەی ئەم پەیوەندییەشدا وەرگر و هەندێکجار خودی هونەرمەندیش دەبنە بەشێک لە پێکهاتە و پیادەکردنی بەرهەمی هونەری و واتابەخشی بەرهەمە هونەرییەکە (ایل کا، ١٣٩٤، ٨).

لە ڕاستیدا هونەری چەمکگەرا ئەو خاڵەیە لە مێژووی هونەردا کە خودی هونەر لە ڕێڕەوێکی مێژووییدا پێدەگات، هونەر دوای گشت ئەزموون و تەکنیک و شێوازەکان لە دەربڕین و کاریگەریی و گێڕانەوە و ئامۆژگاریکردن لە ژێر هەژموونی ئیستاتیکیدا، دواجار لە خاڵێکدا و لە ڕەوگەی کامڵبوونی خۆیدا دەکات بەوەی کە ئیدی ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنیا پرسیارکردنە لە خودی خۆیی و زمانی دەربڕینی خۆی و ئامرازە تیۆرییەکان بۆ گەیشتن بە داڕشتنەوەی خۆی لە چوارچێوەی زمان و چەمکدا.

هونەری چەمکگەرا بەهۆی ئەو فراوانییەی کە لە واتا و لە دەربڕیندا لە خۆیدا هەیەتی و ئەو زمانە دەربڕینەی کە هەیەتی لە گەیاندنی چەمک و زانیارییکاندا و لە چوارچێوەی فراوانبوونی خۆی دەبێتە هەوێنی بزاوتەکانی دیکەی دوای خۆی لە ساڵانی ٧٠ و ٨٠ سەدەی بیستەم، کە لە ڕاستیدا دەکرێت وەک لقێکی ئەم هونەرە لێیان بڕوانین لە بەر هۆکاری هاوچەشنی لە بنەمای پێکهاتەییان. وەک بزاوتەکانی پێرفۆڕمانس و هەپیینینگ ئارت و هونەری خاکی و ئینستەلەیشن و ڤیدیۆ ئارت و

هونەری دەنگ و مەڵتی میدیا ئارت و هونەری میدیای نوێ (شاد قزوینی، ١٣٨٣، ١٦٧). جێی باسە کە بزاوتە هونەرییەکانی پاش چەمکگەرایی بە شێوەیەکی گشتی چەشنێک لە چەمکگەرایی لەخۆدەگرن و ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە تا هونەری هاوچەرخ و ئەمڕۆمان.

## ٢-٢- بەرهەمی هونەری لە ڕووی پێکهاتەوە

بەرهەمی هونەری بە گشتی لە هەموو سەردەمەکاندا هەڵگری کۆمەڵێک زانیاری و باکگراوندە کە بەرهەمەکەی لەسەر بونیادنراوە، جا ئەم زانیارییانە سەرەکی بن یاخود لاوەکی و مەبەستداربن یاخود بێمەبەست، ئەوەی ڕوونە کە بەرهەمی هونەری سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە لە سەر سەردەم و ئەو ژینگەیەی کە کارەکەی تێدا پێکهاتووە، هەر ئەمەش وادەکات کە کاری هونەری ببێتە دەرچەیەکی زانیاری لە بەردەم مێژووی هونەر و ڕەخنەی هونەری بە شێوەیەکی گشتی و بینەریش بە شێوەیەکی تایبەتی، بۆیە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروستی کاری هونەری کە هەڵگری بنەمای خۆیەتی لێرەدا دەبێتە کارێکی بەهادار. خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کاری هونەری بە پێی سروشتی خۆی و لە خودی بەرهەمەکەوە دەستپێدەکات و لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات. تێڕوانین لە بەرهەمە هونەرییەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکدیدا خەسڵەت و تایبەتمەندییە پەراوێزییەکانمان لە سەر بەرهەمەکە بۆ دەخاتەڕوو، بەڵام بینینێکی ڕووکەشانە بە تەنیا بەس نابێت بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کارە هونەرییەکە و نابێتە هۆی ناسین و واتا کردنی کارەکە و بە دیارخەری تایبەتمەندیی شوێنی و سەردەمیی بەرهەمە هونەرییەکە. بۆیە ئەمکارە پێویستی بە ناسینی سەردەمە مێژووییەکان و هەڵوەشاندنەوە و شیکاریی پێکاهاتەی بەرهەم هەیە لە چوارچێوەی شوێن و قۆناغی سەرچاوەگرتنی بەرهەمە هونەرییەکاندا.

لە ڕووی مێژووییەوە و بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین کاری هونەری بۆ سێ قۆناغی کلاسیک و مۆدێرن و پۆست مۆدێرن دابەشبکەین، کە هەریەکە خاوەن کۆمەڵە خەسڵەت و بنەما و تایبەتمەندیی خۆیەتی کە وادەکات لە قۆناغێکی دیکەی مێژوویی جیابێتەوە. هەروەها تایبەتمەندییەکانی وادەکات کە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کاری هونەری دروستبێت و وەڵامدەرەوەی خواست و پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بێت، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی کاری هونەری چەمکگەرا پێویستە و بەرچاوڕوونییە کە ئاوڕێک لە پێکهاتەی کاری هونەری سەردەمەکانی پێش خۆی بدرێت و بۆ زیاتر ئاشنابوون باس لەو پێکهاتەیە بکەین کە هونەری کلاسی و مۆدێرن خۆی لەسەر بونیاددەنێت.

## ٢-٣- هونەری کلاسیکی و مۆدێرن لە ڕووی پێکهاتەوە

بابەت و فۆڕم و ناوەڕۆک سێ فاکتەری سەرەکین لە پێکهێنانی هەر کارێکی هونەریدا کە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە کاری هونەریی هەریەکە و هەڵگری کۆمەڵێک زانیارین. هەروەها بۆ لێدوانێکی ڕەخنەییانە و تێگەیشتن لە هەر بەرهەمێکی هونەری پێویستە سەرنجی وردی ئەم سێ فاکتەرە بدەین، کە کارەکەی لێ بەرهەمهاتووە. لە کاری هونەری کلاسیک و مۆدێرندا ئەم سێ فاکتەرە نزیکن لەیەک و هاوچەشنن، بەڵام لە کاری هونەریی پۆستمۆدێرن و بەتایبەتیتر هونەری چەمکگەرا گۆڕانی بەسەرداێت، کە پێویستە سەرنجبدرێت. ئەم سێ فاکتەرە وەک پلانێک وان بۆ کارە هونەرییەکە و دواتر لە ڕێی ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی وەک خاڵ و هێڵ و ڕەنگ و... بەرهەمەکە دێتە ئاراوە. لێرەدا پێویستە هەر سێ فاکتەری پێکهینەری کاری هونەری کلاسیک و مۆدیرن کە بریتین لە بابەت و فۆڕم و ناوەڕۆک بەجیا باسبکرێن کە خزمەتی زیاتر بە بابەتەکە دەکات.

### ٢-٣-١- بابەت

بابەت شێوەیەکی گشتی لە بەرهەمی هونەری یاخود ئەو شتەی کە وێنەی کێشراوە دەمانداتێ، بابەتی هەر بەرهەمێک بریتییە لەو شتانەی لە تابلۆکەدا کێشراون، یاخود باس لەو ڕووداوە دەکات کە لە تابلۆکەدا بەرجەستە دەبێت. بابەتەکان بۆ کارکردن جۆراوجۆرن و دەکرێت لە پۆلینی جیاوازدا باسبکرێن. زۆربەیان لە پۆلینکردنێکی بابەتی بە ناوی ژانرەوە پۆلێندەکرێن، کە ڕەنگە ژانرەکان لەگەڵ یەکدیشدا سنوورەکانیان تێکەڵ بەیەک بێت. گرنگترین پۆلێنە بابەتییەکان یاخود ژانرەکان بۆ کارکردنی هونەری بریتییە لە بابەتی ئاینی، ئەفسانەیی، پۆرترێت، سروشتی بێگیان، دیمەنی سروشتی و دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانە (جنسن، ١٣٩٣، ٢٥). بابەت کە خەسڵەتی سەردەمێک وەردەگرێت و وەک کلێشە دووبارەدەبێتەوە و دەبێت بە ژانر و هەڵگری تایبەتمەندیی خۆی دەبێت و لە ڕووی کارکردنیشەوە ماوەیەکی زۆر پایەداریی خۆی دەپارێزێت. وەکو بەکارهێنانی ڕەنگی شین و هالەی دەوری سەری فیگەرەکان، کە وەک بەهایەکی پیرۆز و ڕەهەندێکی مەعنەوی بەکاردەهاتن لە کارکردنی سەردەمی کلاسیکدا. هەروەها بابەت کلیلی چوونەناو دنیای کارە هونەرییەکەیە بە تایبەت لە کاری کلاسیکیدا.

بابەت لە کارێکی هونەریدا دەکرێت کەسێک یاخود شتێک یان وێنەیەکی زەینی بێت. ئەوە شتێکی ڕوونە کە کەسێک و شتێک وەک بابەت بۆ بینەر ئاسایی و ڕوونە و ئاشکرایە، بەڵام ڕەنگە وێنەیەکی زەینی لە بەرهەمێکی مۆدێرن و ئەبستراکدا وانەبێت، بۆیە لێرەدا بابەت ئەو وێنە زەینییەیە کە لە پشت فۆڕمی بەرهەمەکەوە دەبینرێت و ئاشکرای ئەو کەسانە دەبێت کە زمانی فۆڕمی بەرهەمەکە دەخوێننەوە. گرنگیی بابەت چ ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرابێت یاخود نا، تەنیا لە ئاستێکدایە کە وەک خاڵی سەرەتا هەستی کەسی بەرانبەر لەئاست کارەکەدا بوروژێنێت، ئەوەی گرنگە لە بابەتدا توانای دەربڕین بەخشینە بە بابەتەکە لە ڕێی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکەوە (اوکویرک و دیگران، ١٣٩٣، ٢٧). بابەت

سادەترین و سەرەکیترین لایەنەکانی گوزارشتی هەست و سۆز و ڕاستییەکانی بەرهەمێک ڕاشکاوانە و یەکسەر نیشاندەدات، بۆ نموونە خۆشحاڵی و خەمگینیی فیگەرێک کە دەبێت بە بابەت، یاخود جوڵە و ڕیتمی هێڵێک یان ڕەنگێک لە کارێکی نا فیگۆراتیڤ و ئەبستراکدا بابەتی کارەکە پێکدەهێنێت.

## ٢-٣-٢- فۆڕم

فۆڕم یەکێکی ترە لە سێ فاکتەرە بنەماییەکەی پێکهێنانی بەرهەمی هونەری، کە هەریەکە و بۆخۆی گرنگ و بایەخدارە لە خوێندنەوە و درکی کاری هونەریدا بە جۆرێک کە ناکرێ گرنگی بەیەکیان بدرێ و ئەوی تریان لەبەرچاونەگیرێت، واتە هەریەکە و لە پێکهاتەی کارەکەدا نرخ و بەهای خۆی دەبێت. چۆنیەتیی ڕێکخستن و پێکهێنانی لایەنی بینەیی بەرهەمی هونەری، کە خۆی لە ڕێکخستنی توخمە بینەییەکاندا دەبینێتەوە فۆڕمی بەرهەمەکە پێکدەهێنێت، بەڵام لەو ڕووەوە وشەی فۆڕم خەسڵەتی وشەیەکی جیهانی وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی کە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە و بەکاردێت، هەرچەندە ئەم وشەیە ڕەگێکی مێژوویی هەیە، بەڵام لە ڕووی ئاماژە و واتاوە ڕووبەرێکی فراوان و ناڕوون لەخۆدەگرێت لە بەکارهێنانیدا، بۆیە بەو هۆیەی کە بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە لە میانەی کاری هونەریدا و فرەڕەهەندە، پێویست دەکات زیاتر لەسەری بدوێین و بەکارهێنانە جیاوازەکانی لە هونەردا ڕوونبکەینەوە.

بە پێی بەکارهێنانی لە بواری هونەردا دەکرێت سێ جۆر لە فۆڕم دەسنیشانبکەین، یەکەم؛ فۆڕم لە وردترین واتایدا هاوتایە لەگەڵ وشەی شکڵ، واتە ئەو شکڵەی لە ڕێی هێڵەوە سنوورەکانی دیاریدەبێت و جا ئەندازەیی بێت یاخود نائەندازەیی. کاتێک دەڵێین ***فۆڕمێک لە ناو وێنەکەدا*** ئەم واتایە دەگەیەنێت و ئاماژەیە بۆ فۆڕمێکی دیاریکراوی ناو وێنەکە. دووەم؛ بەکارهێنانێکی تری فۆڕم بریتییە لە جۆر و شێوەیەکی تایبەت لە

هەرشتێک، دەربڕینی ***فۆڕمێک لە وێنەکێشان*** هەمان واتای هەیە و بەم بەکارهێنانە دەکرێت بڵێین کارکردنی ڕەنگی ئاوی فۆڕمێکە لە وێنەکێشاندا. سێیەم؛ فۆڕم لە واتایەکی گشتیدا ئاماژەیە بۆ ئەو پێکهاتەیەی کە لە توخمە بینەییەکان و پەیوەندیی نێوانیان پێکدێت و ڕواڵەتێکی تایبەت دەبەخشێتە بەرهەمەکە. کاتێک دەڵێین ***فۆڕمی بەرهەمەکە*** هەمان بەکارهێنان و واتا دەگەیەنێت. بۆ نموونە کاتێک لە تابلۆیەکدا هێڵی دەرەکی فیگەرەکان زیاتر لە وردەکاری ناوەوەیان چالاکە و کاری تیا کراوە، یاخود ڕووناکییەکی تایبەتی هەیە و هەڵگری ڕیتم و کۆنتراستێکی جیاواز دەبێت، هەموو ئەم خەسڵەتە بینەییانە و پەیوەندیی نێوانیان؛ بە فۆڕمەکانی بەرهەمەکە ئەژماردەکرێن (جنسن، ١٣٩٣، ٢٠). جۆری سێیەم ئەو فۆڕمەیە لە پاڵ ناوەڕۆک و بابەتدا پێکهاتەی کاری هونەری پێکدێنن و بە واتای ئەو ڕێکخستنەدێت لە توخمە بینەییەکانی بەرهەمێک دواجار یەکەیەکی واتادار دروستدەکات، ئەم فۆڕمە لە بەرانبەر ناوەڕۆکدا بەکاردێت و بەم جۆرە لە بەکارهێنانەکانی دیکەی فۆڕم جیادەکرێتەوە و کاتێک دەوترێت فۆڕمی هونەری ئاماژەیە بۆ ئەم جۆرە لە فۆڕم.

سەرەڕای ئەم سێ جۆرە لە فۆڕم کە زیاتر لە هونەردا بەکارهێنانیان هەیە، دوو جۆری تر لە فۆڕم هەن کە ولادسلا تەتارکەوڤیچ (Wladyslaw Tatarkiewicz، ١٨٨٦-١٩٨٠ز) بیرمەندی پۆڵەندی لە کتێبەکەیدا بە ناوی مێژووی جوانیناسی باسیان لێوەداکات. ئەوانیش بریتین لە، یەکەم؛ فۆڕم لای ئەرەستۆ، ئەم فۆڕمە لەلایەن ئەرەستۆوە بەکاردەهات و مەبەست لێی زات و جەوهەری چەمکیی شتەکانە، لە بەرانبەر لایەنی دەرەکی و دیدەیی شتەکان. دووەم؛ فۆڕم لەلای کانت، ئەم جۆرە لە فۆڕم لە لایەن کانتەوە بەکارهێنرا کە هەڵگری واتایەکی زەینییە، بەم پێیە فۆڕم بریتییە لەو شتەی کە زەین لە بینین و ئەزموونکردنی دیاردەیەک، بە شێوەیەکی چەمکی دروستیدەکات. بە بۆچوونی کانت فۆڕم خەسڵەتێکی زهنییە و ناچارمان دەکات کە شتەکان و دیاردەکان بە

فۆڕمێکی تایبەت وەرگرین و درکی پێبکەین. بە واتایەکی تر فۆڕم بریتی دەبێت لەو چەمک و واتایەی کە زەین لە ئەزموونکردنی دیاردەیەک پێمان دەبەخشێت (جمالی. ١٣٩٤. ١١).

### ٢-٣-٣- ناوەرۆک

ناوەرۆک فاکتەرێکی ترە لە پێکهێنانی کاری هونەریدا کە هۆکاری بە ئەنجامگەیاندنی کارەکە و مەبەستی هونەرمەندمان بۆ ڕووندەکاتەوە. دەکرێت بڵێین ناوەرۆک بریتییە لە پەیامی ئەقڵانی یاخود پەیامی هەست و سۆزئامێز، یاخود ئەو گوزارشت و دۆخەیە لە کاری هونەریدا کە بینەر بەو ئومێدەی کە هاوتای مەبەستی هونەرمەندە لە بەرهەمەکەدا لێیدەڕوانێت و بۆی دەگەڕێت. ناوەرۆک لە ئاستێکی ڕووکەشانەی بەرهەمەکەدا جێگیرنابێت، بەڵکو قووڵترە و هونەرمەند لە ڕێی فۆڕمەوە جێگیر و پەرەیپێدەدات. ناوەرۆک هەروەک لە کاری هونەری کلاسیکدا هەیە لە کاری هونەری مۆدێرنیشدا بەدیدەکرێت و ئەو دۆخە گوزارشتئامێزە دەگرێتەوە کە هونەرمەند بە ئەنقەست یاخود بە بێئاگا لە فەزای کارەکەیدا دەریدەبڕێت (اوکویرک و دیگران. ١٣٩٣، ٢٩). چارلز جۆنسن لەبارەی ناوەرۆکەوە دەڵێت، ناوەرۆک هەمان ئەو شتەیە کە دەبێتە هۆی گرنگیدان بە بەرهەمەکە، بەشێکی بە ئەنقەست و ئاگایانەیە و بەشێکی تری ڕەنگدانەوەی دەوروبەر و ئامانجی بەرهەمەکەیە. ئەم هۆکارە دەرەکی و ناوەکییانە لەسەر فۆڕم و بابەت و واتای بەرهەمەکە کاریگەر دەبێت. هەروەها ناوەرۆک ڕەنگە ئەو بیرۆکانەش بگرێتەوە کە لە کاتی ڕاڤەی بەرهەمەکە و بەراوردی لەگەڵ بەرهەکانی هاوسەردمی خۆی یاخود سەردەمەکانی دیدا لە هزری بینەر دروستدەبێت (جنسن، ١٣٩٣، ٢٩)، بۆیە ناوەرۆک فراونی و فرەڕەهەندیی هەیە و تەنهای مەبەستی دیاریکراوی هونەرمەند ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو زانیارییە پەراوێزییانەمان دەداتی کە بەرهەمەکە وەک سەرچاوەیەک لەخۆیدەگرێت،

هەندی جار ناوەرۆکەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و لە بینەرێکەوە بۆ بینەرێکی دی گۆڕانی بەسەردادێت و شتی زیاتری لێ ئاشکرا و ڕووندەبێتەوە، کە هونەرمەند ڕەنگە خۆی بێئاگابێت لێی، وەک کاریگەرییە دەرونییەکانی هونەرمەند کە لە بەرهەمەکەدا دێنەڕوو یاخود خەسڵەتە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کە بەرهەمێک لە خۆی دەگرێت و دەیخاتەڕوو.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ناوەرۆک و ناسینی، لێرەدا پێویست دەکات بەراوردێکی بکەین لەگەڵ بابەتدا. دوو وێنە لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ نموونە وێنەی لە خاچدانی مەسیح؛ دەکرێت دوو واتا و ناوەرۆکی جیاوازیان هەبێت، گەرچی یەک بابەتن و هەردووکیان لە خاچدانی مەسیحن. وێنەیەکیان دەکرێت مردنی بەئازاری مەسیح نیشانبدات کە هەڵگری کۆمەڵە خەسڵەتێکی تایبەتییە وەک سەری شۆڕەوەبوو و چاوی داخراو و دەموچاوی کە شێوەی سروشتیی خۆی لە دەستداوە و باڵەکان کە لەبەر قورسایی شێوەی پیتی V وەردەگرن و خودی لاشکەش کە پێچپێچخواردووە و شێوەی پیتی S ی وەرگرتووە (وێنەی ١). لە لایەکی ترەوە، وێنیەکی دی کە سەرکەوتنی مەسیح بەسەر مەرگدا نیشاندەدات لە ڕێی چاوی کراوە و دەموچاوێکی ئارام و باڵەکان کراوەیەوە بە شێوەی هێڵی ئاسۆ و جەستەیەکی تا ئەندازەیەک ڕێک و بەهێز (وێنەی ٢). بابەتی هەردوو وێنەکە یەکسانە و هەردو لە خاچدانی مەسیحە بەڵام وەک دەبینین ناوەڕۆک و واتایان بە تەواوی جیاوازە لە یەکدی (بارنت، ١٣٩٢، ٦٨). لێرەدا گرنگی ناوەرۆک دەردەکەوێت و جیاکردنەوەی لە فاکتەرەکانی دی دەبینین کە لە خوێندنەوەی کاری هونەریدا بایەخی خۆی دەبێت. لە وێنەیەکدا جەخت لە لایەنی مرۆڤبوونی مەسیح دەکرێتەوە کە هەڵگری هەست و ڕەنج و سەختییە (وێنەی ١)، لە ئەوی تردا لایەنی مەعنەوی و دیوە ئاسمانییەکەی مەسیح دەبینین کە زاڵە بەسەر مەرگدا و وەک بوونەوەرێکی سەروومرۆیی نیشانیدەدرێت (وێنەی ٢). بۆیە دەکرێت بڵێین

کە ناوەرۆک بریتییە لە واتای بابەت کە لەڕێی فۆڕمەوە بەرجەستە دەبێت و مانا دەبەخشێت.





(١) مەسیح لەسەر خاچ و لەگەڵ مریەم و سنت جۆن،      (٢) لەخاچ دانی
مەسیح، پیرو دی کۆزیمۆ، ١٥٠٠.      ڕوجێر ڤان دەر ویدن،
.١٤٥٧      .

ئەمە ئەو ڕێڕەو و پرۆسەیەیە کە کاری هونەری پێیدا دەڕوات، واتە هونەرمەند لە ڕێی هەستەوەریی خۆی بۆ بابەتەکانی دەوروبەری بابەتێکی محاکات بێت یاخود ئەبستراکت لە ڕێی توخمەبینەییەکانەوە لە چوارچێوەی ڕێساکانی داڕشتنی کاری هونەریدا جۆرێک لە فۆڕم دێنێتە ئاراوە کە هەڵگری ناوەرۆک و ناواخنێکی واتابەخشە. لەم پرۆسەیەدا هونەرمەند لە هەوڵدایە هەماهەنگییەک لە نێوان بەشەکانی بەرهەم دروستبکات کە هەموو بەشەکان لە پێکهاتەیەکی تۆکمە و سەربەخۆ وەک یەکەیەک خۆی بەدیاردەخات لە پێناو گەیاندنی یەک ئامانج و مەبەست.


### ٢-٤- پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا

ئەوەی باسکرا چۆنیەتیی پێکهاتەی کاری هونەرییە بە شێوەیەکی گشتی لە کارکردنی کلاسیک و مۆدێرندا کە خۆی لە چوارچێوەی

ئۆبجێکتی دەستکرد و ئیستاتیکیدا دەبینییەوە و لە جۆری خۆیدا تایبەتمەندە. بەڵام بە هاتنی سەردەمی پۆست مۆدێرن جۆرێکی دی لە تێگەیشتن و کاری هونەری وەک هونەری چەمکگەرا دێتە ئاراوە کە بە پێی بنەما و ئامانجەکەی هەڵگری خەسڵەتگەلێکی جیاوازە، بۆیە پێکهاتەیەکی دیش دەخوازێت بۆ بونیادنان و دەربڕین. ئەمە بەو واتایەی کە پێکهاتەیەکی نوێ بۆ بونیادنان و خوێندنەوەی کاری هونەری چەمکگەرا گونجاوتر و کارسازترە. لێرەدا پێناسەیەکی کورت و دووبارەی هونەری چەمکگەرا سوودبەخش دەبێت بە مەبەستی زیاتر ڕوونبوونەوەی بابەتەکە.

ئێدوارد لوسی سمیت(Edward Lucie-Smith) لە بارەی پێناسەی هونەری چەمکییەوە دەڵێت؛ هونەری چەمکی جۆرێکە لە دەربڕینی هونەری، کە هەوەڵدەدات تاوەکو لایەنی فیزیکی و ڕواڵەتی کارەکە تا ئەو ئاستەی کە دەکرێت نزمی کاتەوە و لەبری ئەو توانای هزری بەرهەمە هونەرییەکە گوڕ پێبدات. لەم جۆرە لە هونەردا وروژانە بینەیی و تیشکییەکان بە قازانجی کرداری فیکری و هۆشمەندانەی درکی بەرهەمەکە کەم بەها ئەژماردەکرێت و بینەری بەرهەمی هونەری بانگهێشتی ئامادەبوون و ئاخاوتن دەکرێت لەگەڵ خاوەن کارەکە کە هونەرمەندە. بەم شێوەیە کرداری بەرهەمهێنانی کاری هونەری و کرداری درک و وەرگرتنی بە جۆرێک پەیوەستی یەک دەبن. هونەری چەمکی لە بنەڕەتدا لە بیرۆکە فکرییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت و هەر کەرەستە و ئامرازێکیش بۆ ئەم مەبەستە دەگرێتە خزمەت. هەروەها کەرەستەی سەرەکیی هونەری چەمکی بریتییە لە هزر و زمان، هەر لەسەر هەمان دوو بنەمایەش سەریهەڵداوە (اسمیت، ١٣٨٩، ٢٠١). جیاوازییەکی بنەڕەتی لە هونەری کلاسیک و مۆدێرن لەگەڵ هونەری چەمکگەرا ئەوەیە کە لە چەمکگەرادا ئۆبجێکتی هونەری و ڕواڵەتە ئیستاتیکییەکەی کە لە چوارچێوەی فۆڕمدا خۆی دەنواند بە جارێ نامێنێت و ئەو گرنگییەی

پێشووی نامێنێت، ئەمەش لە پێناو بەرجەستەبوونی چەمکی کارەکەیە کە لە کارکردنی پێشوودا ئەو ڕۆڵەی نییە. فاکتەرێکی دیکەی سێ فاکتەرە سەرەکییەکەی کارکردنی کلاسیک و مۆدێرن کە بریتییە لە بابەت و بوونێکی بینراو و ڕوونی هەیە، لە چەمکگەرایيدا جێی خۆی دەدات بە ناونیشان (تایتڵ) کە فاکتەرێکی بنەڕەتییە لە پێکهاتەی هونەری چەمکگەرادا لە پاڵ هەردوو فاکتەری ئۆبجێکت و چەمکدا. فاکتەری بابەت ئەو کارایی و بەرجەستەییەی خۆی لە کارێکی چەمکییدا نابێت وەک لەوەی لە کارێکی کلاسیکیدا هەیەتی، ئەمەش کاتێک زیاتر ڕووندەبێتەوە کە لە بەرانبەر ئۆبجێکتێکی ئامادەی وەک تەوالێت یاخود کورسی ڕادەوەستینەوە کە لێرەدا ئەوەی ئۆبجێکتەکە لە کەرەستەیەکی ڕۆژانەی ئاسایی ژیان جیادەکاتەوە و وەک کارێکی هونەری دەیناسێنێت لە هەنگاوی یەکەمدا بریتییە لە ناونیشان کە ئەویش لە کۆنسێپتی کارەکەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها ناوەرۆکیش کە پەیوەست دەبوو بە فۆڕمی کارەکەوە جێی خۆی دەدات بە چەمک لە هونەری چەمکیدا. بۆیە پێکهاتەی هونەری چەمکی بریتی دەبێت لە سێ فاکتەری سەرەکی و بونیادنەری وەک تایتل و ئۆبجێکت و کۆنسێپت، هەروەک لە وێنەکەدا ئاماژەی پێدراوە (وێنەی ٣). هەروەها هەر لە ڕێی ئەم پێکهاتەوە کاری هونەری چەمکی بونیاد دەنرێت و درک و خوێندنەوەشی بۆ دەکرێت.




(٣) وێنەی شێکاریی پێکهاتەی کاری هونەری چەمکی

## ٢-٤-١- ناونیشان Title

ناونیشان هۆکار و فاکتەرێکی گرنگی پێناساندنی هەر ئۆبجێکت و بابەتێکە بە شێوەیەکی گشتی چ لە بواری هونەردا بێت یاخود لە دەرەوەی هونەر بێت، هەروەها لە هونەریشدا و بە تایبەتی لە هونەری چەمکگەرا ناونیشان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێناساندی کارە هونەرییەکە و دەبێتە ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان ئۆبجێکت و چەمکدا هەروەها پێبەخشەری مۆرکی بە هونەربوونە بەو ئۆبجێکتە ئامادەیەی کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بوونی خۆی وەک ئۆبجێکت لە دەرەوەی دنیای هونەردا.

ناونیشان بریتییە لە کۆمەڵە نیشانەیەکی زمانناسییانە کە دەکرێت لە سەرەتای دەقێکدا جێگیربێت و کرداری دیاریکردنی دەقەکە و ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی گشتیی دەقەکە و فریودانی وەرگر ئەنجامبدات. ناونیشان واتای خۆی بە تەواوی وەرناگرێت مەگەر لە پەیوەندیی

دیالێکتیکی لەگەڵ دەقدا نەبێت. ئەو واتایەی ناونیشان دەیاختەڕوو هەندێجار بە شێوەی ئاشکرا و بە زۆریش لە شێوەی نائاشکرا لە ڕێی دەقەوە دێتە دەربڕین. هەروەها ناونیشان خوێندنەوەی دەق ڕێکخراو دەکات و دەقیش واتای ناونیشان دیاریدەکات (نامور مطلق، ١٣٨٨، ٨٠). ناونیشان وەک ڕەگەزێکی پێناساندن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە نێوان کارە هونەرییەکە و بینەردا، هەروەها دەبێتە ئەلقەیەکی پەیوەندی لە نیوان ئۆبجێکت و وەرگردا لەم پەیوەندییەش ئاشکرابوون و گواستنەوەی چەمک و واتا ڕوودەدات.

لە ڕاستیدا لە پێکهاتە و بونیادی هونەی چەمکگەرادا و لە ناو سێ فاکتەرە سەرەکییەکەیدا هیچکامیان بە ئەندازەی ناونیشان توانای پێشکەشکردن و ناساندنی بەرهەمەکەی نییە، تەنانەت گەر بێتو بەرهەمەکەش ناونیشانەکەی بێناونیشان بێت کە ئەمە خۆی دیسان کردار و ناولێنانێکی مەبەستدارە و دەبێتە ئامرازێکی سەرەتایی بۆ ناساندنی کارەکە و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کارەکەدا. هەروەها کاتێک ڕووبەڕووی ئۆبجێکتێکی ئامادە دەبینەوە کە هەڵگری هیچ جیاوازییەک نییە لەگەڵ هەمان ئۆبجێکت لە فەزایەکی دیکەی ناهونەریدا، یەکەم هۆکار کە وەک ئۆبجێکتێکی هونەری پێمان دەناسێنێت و لە بەرانبەر خۆی ڕاماندەگرێت بۆ لێڕامان هەمان ناونیشانی بەرهەمەکەیە. ناونیشان گوزارشتێکی زمانییە لە چوارچێوەی گوتاری بەرهەمەکەدا و دەرچەیەکە بۆ چوونە ناو دنیای کارە هونەرییەکەوە و لەم ڕووەوە ڕۆڵەکەی کاریگەر و کارسازە. بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ هەردوو کاری هونەریی جۆزێف کاسوت بە ناوی (یەک و سێ کورسی، وێنەی ٤) و کاری مارسل دۆشامپ(Marcel Duchamp) بە ناوی (فوارە، وێنەی ٥) ڕووبەڕوودەبینەوە کە هەردوو بەرهەم بریتین لە ئۆبجێکتی ئامادە. لە بینینی یەکەمدا بۆ ئەم کارانە هیچ جیاوازییەک نابینیت کە لەو ئۆبجێکتانەی دی جیایانکاتەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەن. بەڵام لە ڕێی

ئەو ناونیشانەی کە هونەرمەند بۆ کارەکەی دیاریدەکات وەک سەرەداوێک بینەر پەلکێشی کایەیەکی فیکری دەکات کە وامان لێدەکات بەدوای ئەو واتا و چەمکە بگەڕێین کە لەودیوی ئۆبجێکتەکەوە خۆی حەشارداوە. بۆیە هونەرمەند لێرەدا لە ڕێی بەخشینی ناونیشانێک بۆ کارەکە بەئاگاماندێنێتەوە، کە ئەم ئۆبجێکتە سەرەڕای نەبوونی هیچ جیاوازییەک لەگەڵ هاوتوخمەکانی خۆی بەڵام لێرەدا ئیدی ئەو ئۆبجێکتە ئاساییە نییە و ئەرکێکی دی لەئەستۆدەگرێت، ئەویش بەرجەستەکردنی ئەو کۆنسێپتەیە کە هونەرمەند بۆی دیاریکردووە و مەبەستیەتی. لەو ڕووەوە کە ئۆبجێکت شتێکی ئامادیە، بۆیە ئەوە ناونیشانە کە وەک کلیلی تێگەیشتن لە چەمک، ئەرک و واتای ئۆبجێکتەکە دیاریدەکات و بە گۆڕینی ناونیشان ئەم ئەرک و واتایەش گۆڕانی بەسەردادێت.



(٤) یەک و سێ کورسی، جوزیف کاسوت، ١٩٦٥.




(٥) فواره، مارسل دوشان، ١٩١٧.

پێگەی ناونیشان لە بەرهەمی هونەری چەمکگەرادا بە هۆی ڕۆڵی زمان و نووسینەوە لە هونەردا زۆر گرنگە و نکۆڵی لێناکرێت. بە جۆرێک کە بە هەڵگرتنی ناونیشان لە بەرهەمێکی چەمکیدا ئەگەری چوونەدەرەوەی بەرهەمەکەی لە بازنەی هونەری چەمکیدا هەیە. لەبەرئەوەی، ئەوەی دەمێنێتەوە بەتەنیا خۆی ناتوانێت پەیوەندیی خۆی لەگەڵ چەمکی کارەکە و دواجار لەگەڵ هونەری چەمکیدا بپارێزێت. ئەم

بابەتەش بۆ سروشتی پێکهاتنی ئەم هونەرە دەگەڕێتەوە. گرنگیی دانانی ناونیشان لەم هونەرەدا بە ئەندازەیەکە کە هونەرمەند بەشێکی بەرچاو لە توانای داهێنەرانەی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخاندەکات. ناونیشان وەک چەخماخەیەک ڕۆڵدەگێڕێت کە هزری بینەر ئاراستەی گەڕان بەدوای واتا و تێگەیشتنی بەرهەمەکە دەکات (سهیلی اصفهانی، ١٣٩٥، ١٥٢).

## ٢-٤-٢- ئۆبجێکت Object

ئۆبجێکتی هونەری بریتییە لە دۆخی ڕواڵەتی و فیزیکیی خودی بەرهەمی هونەری، کە لە قۆناغ و شێوازە جیاجیاکاندا لەسەر بنەما و تیۆرە جیاوازەکانی هونەر گۆڕانی بەسەردادێت. ئۆبجێکتی هونەری خۆی لە چوارچێوەی کەرەستەباوەکانی هونەری شێوەکاریدا پاراستووە و درێژە بە کاری خۆی دەدات تا ساتی دەرکەوتەکانی ئەندێشەی چەمکگەرایی لە هونەردا، کە ئیدی بە جارێک گۆڕانکاری بەسەر ئەم فاکتەرە سەرەکییەی پێکهاتەی کاری هونەریدا دێت. ئۆبجێکتی هونەری بە درێژایی مێژووی هونەر هەر لە کلاسیکەوە تا مۆدێرنیزم هەمیشە ئۆبجێکتێکی دەستکرد بووە و دەرخەری توانا تەکنیکییەکانی هونەرمەند بووە لە بوارەکەی خۆیدا، هەروەها لە پاڵ ئەم توانا تەکنیکییە خەسڵەتی ئیستاتیکیبوون خەسڵەتێکی دانەبڕاوی کاری هونەری بووە، ئەم دوو خەسڵەتە زاتییەی ئۆبجێکتی هونەریش هەمیشە لە چوارچێوەیەکی پلانداری وەک داڕشتنی هونەری خۆی ڕێکدەخست و بەرجەستە دەبوو. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئۆبجێکت بەم پێوەر و تێگەیشتنە بوونی پەیوەستە بەم سێ فاکتەرە بنەڕەتییەی کە باسکران، وەک توانای تەکنیکیی هونەرمەدن و ئیستاتیکیبوون و داڕشتن، ئەمەش بە یارمەتی کەرەستە باوەکانی هونەر و توخمە بینەییەکان دەهاتەدی. وێنەکانی لای خوارەوە دوو نموونەی ئەم تێگەیشتنەن بۆ ئۆبجێکتی هونەری لە دوو سەردەمی جیاوازدا.



(٦) مۆنالیزا، لیۆناردۆ داڤینچی، ١٦٠٣.



(٧) ژمارە ٨ (دیتێل)، جاکسۆن پۆلاک، ١٩٤٩.

تەکنیک و ئیستاتیکا وەک دوو خەسڵەتی بەرچاوی کاری هونەری بەردەوام بەشێکبون لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەری و لە هونەری مۆدێرنیزمیشدا دەگاتە لوتکەی خۆنواندن و بەرجەستەبوون. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی سیماکانی فیکر و ئەندێشە لە هونەردا و لە سەدەی بیستەم و هەستکردن بە گرنگیی بابەتە هزری و چەمکییەکان لە کاری هونەریدا، وەرچەرخانێک لە بونیادی کاری هونەری دێتەئاراوە، کە پێوەر و فاکتەرە بونیادنەرەکانی پێشوو دووچاری گۆڕانکاری دەکات. بۆیە دەبینین هونەرمەند وەک ئەرکی ڕاستەقینەی هونەر و لە پێناو بەرجەستەکردنی هزردا لە کارە هونەرییەکە، گۆڕانکاری لە ئۆبجێکتی هونەریدا دێنێتەکایەوە. ئەمەش بە وەلاوەنانی بابەتی ئیستاتیکا و توانای تەکنیکیی هونەرمەند لە ڕێکخستن و داڕشتنی ئۆبجێکتدا. ئەمە خۆی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە مێژووی ئۆبجێکتی هونەریدا کە دێتەئاراوە، لە ئۆبجێکتێکی تەواو دەستکرد و پەیوەست بە توانا تەکنیکییەکانی هونەرمەندەوە کە هەڵگری سیمایەکی ئیستاتیکی بوو بۆ بۆ ئۆبجێکتێکی تەواو ئامادە و بێ هیچ جۆرە دەستکارییەکی تەکنیکی و لەبارانەبووی هیچ سیمایەکی ئیستاتیکی.

ئەم ئۆبجێکتە ئامادەیە، بە جۆرێک ڕێکخستن و ئیستاتیکا ڕەتدەکاتەوە، کە هیچ جیاکارییەک هەستپێپێناکرێت لەگەڵ هەمان ئۆبجێکت کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا وەک کەرەستەیەک بەکاریاندەهێنێن و وەک ئۆبجێکتێکی هونەری تەماشای ناکەین (بڕوانە وێنەی ٨ و ٩). تەنیا خەڵسەتی هونەری بوونی ئەم ئۆبجێکتانە لەوەدایە کە لە چوارچێوە و فەزایەکی هونەریدا وەک کارێکی هونەری دەناسێنرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش بە یارمەتیی ئەو چەمک و واتایەی کە لە پشت کارەکەوە وەک ڕاگرێک بۆ کۆی کارە هونەرییەکە و بەخشینی ناسنامەی هونەری بە ئۆبجێکتەکە بەردەوام هەیە. لەم جۆرە کارکردنەدا هونەرمەند ئەو گرنگی و ئەرکەی دەیبەخشێت بە چەمکی کارەکە بە پێچەوانەوە ئەو ڕۆڵە لە ئۆبجێکتەکە وەردەگرێتەوە.







(٨) سندوقی سیمی قاپشۆردنی بریلۆ، ئەندی وارهۆڵ، ١٩٦٤. (٩) چوار ڕەنگ چوار وشە، جۆزێف کاسوت، ١٩٦٦.

## ٢-٤-٣- چەمک Consept

چەمک یەکێکی ترە لە فاکتەرە سەرەکی و بونیادنەرەکانی هونەری چەمکی، کە لە خودی ناولێنانەکەشیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەویش لەبەر گرنگی و بنەماییبوونی ئەم فاکتەرەیە لەم هونەرەدا لە چاو هونەرەکانی دی کە ڕەنگە چەمک ئەو ڕۆڵە سەرەکییە نەگێڕێت تێیدا؛ بۆ نموونە هونەری مۆدێرن وەک دەبینین کە هونەرێکە لەسەر توانای تەکنیکی و ئیستاتیکا خۆی دەبینێتەوە تا فاکتەرێکی بونیادی وەک چەمک. بەکارهێنانی چەمک لە هونەری چەمکیدا وەک لە پێناسەکانی پێشووشدا بۆ ئەم هونەرە ئاماژەپێدرا جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی هزر و واتا و فیکر لە بەرهەمەکەدا لە بەرانبەر لایەنی ئیستاتیکیی کارە هونەرییەکە. چەمک وەک فاکتەرێکی بونیادنەر لە پێکهاتەی هونەری چەمکیدا ئاماژەیە بۆ واتا و ئەو تێگەیشتنە هزرییەی کە هونەرمەند کارەکەی لەسەر بونیادناوە، تێگەیشتن و گەیشتن بەم واتایەش لەڕێی ناونیشان و ئۆبجێکتەوە کە لە چوارچێوەی پلانی هونەرمەند و فۆڕمێکی زهنیدا بەرجەستەدەبێت دێتەدی. واتە بە تێڕامان لە ئۆبجێکتەکە و بە یارمەتیی ناونیشان دەمانگەیەنێت بە چەمک و لێرەدا سێگۆشەی پێکهاتەی کارەکە (ناونیشان، ئۆبجێکت، چەمک) کامڵدەبێت و واتا و تێگەیشتنی کارە هونەرییەکە لە فۆڕم و ئەزموونێکی هزریدا بۆ بینەر ئاشکرادەبێت. بۆیە ئەم سێ فاکتەرە تەواوکەری یەکدین و هەر یەکەیان دەتبەستێتەوە بەوی دی و لە پێکهاتەیەکی زنجیرەییدا واتا بەخش دەبن.

لە کاری هونەری چەمکگەرادا دوو جۆر لە ئاماژەکانی چەمک دەبینین کە کاری لەسەر دەکرێت، یەکێک ئەوەی کە کارەکە تەنها ئاماژە بۆ خودی خۆی دەکات و ئاماژەکانی زاتین و هیچی دی، بە مانایەکی دی هەموو شتێک هەرئەوەیە کە دەیبینین، ئەمەش بە تایبەت لەو کارانەی کە لە چوارچێوەی تێکستدا خۆی دەبینێت نموونەش بۆ ئەم کارە کارەکەی

هونەرمەند جۆزیف کاسوتە بە ناوی پێنج وشە لە نیۆنی سەوزدا، (وێنەی ١٠) کاسوت نموونەی دیکەیشی لەم کارانەی هەیە وەک بەرجەستەکردی چەمکی کورسی لە سێ فاکتەردا (وێنەی ١١)، لێرەدا هونەرمەند جەخت لە توانای دەربینی هونەر دەکاتەوە وەک کایەیەکی مەعریفی و دەمانباتە ناو کایەیەکی فیکری و فەلسەفی بەوەی کە درک و مەعریفەی تاک لە ئاست شتەکاندا چۆن بەدیدێت بۆ نموونە تێگەیشتنمان بۆ کورسی ئایا لە ڕێی خودی کورسییەکەوەیە یاخود لە ڕێی وێنەی کورسییەکە یان ئەو تێگەیشتنەی کە دەقەکە لەسەر کورسی بەرجەستەی دەکات یاخود هیچیان. ئەمە کایەیەکی هزریی فەلسەفییە کە هونەرمەند هونەر لەو ئاستەدا دەبینێت، کە ئەزموونێکی هاوشێوە بۆ بینەرەکەی بخوڵقێنێت لە بری سەرمەستی بینەرەکەی بە جوانی و کاریگەرییەکانیەوە.







(١٠) پێنج وشە لە نیۆنی سەوزدا، جۆزیف کاسوت، ١٩٦٥.  (١١) یەک و سێ کورسی، جوزیف کاسوت، ١٩٦٥.

ئاماژەیەکی دیکەی چەمک لە کاری چەمکگەراییدا بریتی دەبێت لەو پەیامەی کە کارەکە هەڵگریەتی یاخود ئەو تێگەیشتنەی کە بینەر لە بەرانبەر کارەکەدا و لەژێر کاریگەرییەکانی ناونیشان و ئۆبجێکتەکەدا پێیدەگات، هەندێجار لەڕێی کارەکەوە هونەرمەند ئاراستەی واتایەکی دیاریکراومان دەکات کە لە ئەزموونکردنی کارەکەدا دەکرێت پێیبگەیەن هەندێک کاری هونەریش بینەر لە دۆخێکی بیرکردنەوەدا دەهێڵنەوە بۆ دەستکەوتنی واتا، کە ئەمەش خۆی لای هونەرمەند مەبەستدارە. دەیمیەن

هرست (Damien Hirst) نموونەی ئەم کارەمان نیشاندەدات کاتێک بینەر تووشی تێڕمان و پرسیار دەکات لە ئاست توانای بەرجەستەکردنی مەرگ لە زهنی خۆیدا، ئەویش لە ڕێی بەرهەمی؛ *ئیمکان نەبونی فیزیکی مەرگ لە زهنی کەسێکی زیندوودا* (وێنەی ١٢).



(١٢) ئیمکان نەبونی فیزیکی مەرگ لە زهنی کەسێکی زیندودا، دەیمەن هرست، ١٩٩١.

کاری چەمکگەرایی زۆرجار هەڵگری دەقی ڕوونکەرەوە یاخود ستەیتمێنتە وەک ڕوونکردنەوە لە گەیاندنی چەمک و واتای کارەکە کە لە هەندێ کاردا خودی تێکستی ستەیتمێنتەکە دەبێتە ئۆبجێکتێکی هونەری و هیچ شتێکی دی لەخۆناگرێت، هەروەها هەندێ جار هونەرمەند چالاکانە لە گەیاند و ڕوونکردنەوەی چەمکدا بەشداردەبێت وەک زمان و گوتار کە لێرەشدا خودی ئاخاوتنەکەش دەکرێت ببێتە ئۆبجێکت و ئیدی ئۆبجێکتی بینراو نەبێت.

لێرەدا و پاش ناسین و درکی فاکتەرە سەرەکی و بونیادنەرەکانی پێکهاتەی هونەری چەمکگەرا و جیاوازی لەچاو

فاکتەرە پێکهێنەرەکانی هونەری سەردەمانی پێشخۆی، هەست بە گرنگی و کارایی فاکتەرەکان دەکەین چ لە بونیادنانی کارەکەدا و چ ئەو بایەخەی کە لە پڕۆسەی خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارەکەدا دەیبێت، کە ئەم پێکهاتە و فاکتەرانە هەڵگری فۆڕمێکی زهنی دەبن لە هزری بینەردا لە پەیوەندییان لەگەڵ یەک وەک یەکەیەکی واتابەخش، ئەم ڕاستییەش لە شێکاریی نموونەکاندا زیاتر ڕووندەبێتەوە، کە پاشتر پێیدەگەین.

### ٣- شیکاری دوو نموونەی کاری هونەری چەمکگەرا




نموونەی (١)

ناونیشان: داری پیرۆز

ئۆبجێکت: جل و بەرگ، پێڵاو، ڕەنگی ڕوونی، دار، ئاسن،

کۆنسێپت: تراوما و یادەوەری و شوێن لە فۆڕمی هونەریدا

هونەرمەند: علی ڕەزا

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠١٩

شێواز: چەمکگەرا

ژانر: ئینستەلەیشن

قەبارە: ٣ م بەرزی، ٩ م پانی

شوێنی نمایش: هەولێر- حەوشەی پەرلەمان

**ستەیتمێنت:**

*بیرەوەرییەکانی لم، وێناکردنی یادەوەری کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردە، کە بە لێشاو و بە کۆمەڵ لە بیابانەکانی خوارووی عیراق، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٧- ١٩٨٨ بە زیندوویی بۆ ژێر لم زیندەبەچاڵ کران. لە کارەکەدا هەوڵدراوە دووبارە وێناکردنەوەی هەمان ئەو شوێنەی کە کارەساتەکەی تێدا ئەنجامدراوە بەرجەستە بکرێت، بەڵام هەندێک گۆڕان یاخود جیاوازیی بەدیەکرێت لە کارەکەدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان کارەکە گرێدراوە بەو ژینگەیەی کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لم و جلوبەرگ، وەک کەرەستەی شوێن بەکارهێنراوە، کە ئاماژەن بۆ ئەمان و لەناوچوونی جەستەی قوربانییان، ئامانج لەم کارە بەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانەیە کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە، هەروەها بەستنەوە و ئاشناکردنی نەوەی دوای تاوانی جینۆسایدە، هەڵبەتە ئەمەش بەئامانجی بەرگرتن لە حاڵەتی لە بیرچوونەوە لە نێوانیاندا، هەروەها بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە لەڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەی کە بەدیهاتوون.*

**باسکردن:**

داری پیرۆز ناونیشانی کارێکی ئینستەلەیشنی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانییە کە لە درێژەی پرۆژەی هونەریی یادەوەرییەکانی لم لە ساڵی ٢٠١٩ لەناو حەوشەی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێری پایتەخت نمایشی کرد. کارە هونەرییەکە بریتییە لە دارێکی وشکەوەبوو بە لق و پۆپەکانییەوە کە بەرزییەکەی سێ مەتردەبێت، دارەکە لە ناوەڕاستی بازنەیەکی بە ڕەنگی سپی دیاریکراودا جێگیرکراوە کە تیرەی بازنەکە نۆ مەتر دەبێت. ناوەوەی بازنەکە پڕە و داپۆشراوە بە پۆشاک و پێڵاوی جۆراوجۆر لە پۆشاکی پیاو و ژن و منداڵ کە ڕەنگی خاکی زاڵە بەسەر کۆی پۆشاکەکاندا، هەروەها هەندێ لە جلوبەرگەکان بەقەد چلەکانی

دارەوشکەکەوە هەڵواسراوە و با دەیشەکێنێت. کارەکە بە دروستی دەکەوێتە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستانەوە، کە هێڵێکی پانی ڕەنگ سپی کۆی کارەکە لە زەمینە ڕەشەکەی قیری حەوشەکە جیادەکاتەوە.

**شیکردنەوە:**

داری پیرۆز کە وشکهەڵگەڕاوە و هەندێ پارچە و پۆشاکی لەخۆگرتووە و با دەیشەکێنێتەوە کاریگەریی نەرێنی قڕبوون و مەرگەسات لە لای بینەر بەرجەستەدەکات کاتێک هیچ ئاماژەیەکی ژیان و سەوزبوونی لە ئارادا نییە. پاشان ئەم دارە لە ناو گۆڕەپانێکی بازنەیی پڕاوپڕ لە جلوبەرگی گەورە و بچووکدا هەڵتۆقیوە لەبری ئەوەی لە ناو خاکدابێت. پۆشاکەکانیش ڕاستەوخۆ وێنەی گۆڕی بە کۆمەڵ و کۆکوژی لە زەینی بینەردا دروستدەکەن بە تایبەت کە جلوبەرگەکان لول و گرێخواردوو و چرچ و لۆچن و ڕەنگێکی خاکیی تەپوتزاوی دایپۆشیون و ڕەونەقی تازەیی لێ وەرگرتوونەتەوە، هەر بۆیە بینەر ئەم پۆشاکانەی قەت بە نوێ نایەتە بەرچاو، بۆیە ئەم کاریگەرییەش مەرگەساتی دارەکە چەند هێندەدەکات. بازنە سپییەکەی دەوری کارەکە کە کۆنتراستی بەخشیوەتە کارەکە لەگەڵ زەمینەی کارەکەدا، ئەم فۆرمە بازنەیە بینەر ئاڕاستەی سووڕان بەدەوری کارەکەدەکات و لەم سووڕانەشدا بینەر وردەکاریی کارەکە زیاتر دەبینێت و جلوبەرگەکانی ژێر درەختەکە کە هەر پارچە و هەڵگری کاریگەری و یادەوەرییەکی تایبەتە و وێناکان لە زەینی بینەردا بەرجەستەدەکات. سووڕانەوە بەدەوری کارەکەدا بەردەوام بینەر وابەستەی خۆی دەکات و دووچاری تێڕامان و گەڕانی دەکات لە کرۆکی بابەتەکە. هەروەها ڕەهەندی شوێن (کە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانە) پرسیارهەڵگرە بۆ بینەر بەو هۆکارەی کە لە بنەڕەتدا پەرلەمانی کوردستان نە شوێنێکی هەیە بۆ نمایشی هونەری و نە شوێنی نمایشی

هونەرییە، بۆیە ئەوەی دێتەبەرچاو ئەوەیە، کە کارەکە بە مەبەست هاتۆتە ئەو شوێنە، هەروەها کارەکە هێنراوەتە بەرچاوی کۆمەڵێک لە بینەری تایبەت کە پێکدێن لە بەرپرس و ئەندامانی پەرلەمان، بە تایبەت بەهۆی جێکەوتی کارەکەوە کاتێک کە لە باڵەخانەی پەرلەمان دێتەدەرەوە بۆ ناو حەوشە بەناچاری ئاراستەی بینین و سووڕانەوەی دەوری کارەکە دەبێت. هێڵە سپییە بازنەییەکەی دەوری کارەکە بەردەوام سنوورێک بۆ بینەر دادەنێت کە لەوە زیاتر نەچێتە پێش لە کارەکە و کۆی کارەکەی لەناو خۆیدا و لە فۆڕمێکی بازنەییدا پاراستووە، ئەویش بەهۆی ئەو کۆنتراستە توندەی کە ڕەنگی سپی هێڵەکە و ڕەنگی ڕەشی زەوییەکە هەیەتی.

**ڕاڤەکردن:**

داری پیرۆز، ئەم ناوە هەر زوو لە یادەوەریی بینەری کورددا هەڵگری چیرۆکی تایبەت بە خۆیەتی، چونکە لە کلتووری کوردەواریدا لە گەلێک شوێن دارێکی پیرۆز وەک نەزرگە هەبووە و زیارەتکاری خۆی هەیە، کە وەک بەشێک لە زیارەت و حاسڵبوونی مەراز پارچەی جۆراوجۆری پیادا هەڵواسراوە. بەڵام ئەم دارە پیرۆزەی کە هونەرمەند لە چوارچێوەی ئۆبجێکتێکی هونەریدا بەرجەستەی کردووە بە پێچەوانەی وێنە یادەوەرییەکەی زەینی بینەری کورد دەبێت بە گۆڕستانی پیرۆزییەکان، گۆڕستانێک کە پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک لەخۆدەگرێت. ئەویش لە ڕێی ئاماژەکانی وشکهەڵگڕان و داچەقینی ڕەگ و ڕیشەی دارەکە لەنێو خەرمانێک لە جلوبەرگی قوربانییانی کارەساتێکی دیاریکراودا، کە ئەویش ئەنفالە. بینەری کورد هەر زوو ئەو وێنە و یادەوریيانە لە زەینی خۆیا زیندوودەکاتەوە بە بینینی جلوبەرگەخاکی و تۆزلەسەرنیشتووەکان، چونکە یادەوری و زەینی تاکی ئەم نەتەوەیە پڕیەتی لە وێنە و چیرۆکی هاوشێوە. ئۆبجێکتەکە لە ڕێی بازنەییبوونیەوە بینەر ئاراستەی سووڕان دەکات بەدەوری خۆیدا و لەم سووڕانەشدا

لەڕێی پۆشاکەکانەوە دنیایەک چیرۆکی تراژیدی کە هەر پارچەیەک لە کەلوپەلەکان لەخۆیدا هەڵیگرتووە وێنەیەکی پانۆرامایی گۆشە ٣٦٠پلەیی نمایش دەکات، هەروەها بەردەوام لە دۆخی تێڕامان و کاریگەربوون دەیهێڵێتەوە. هونەرمەند لە پلانی ڕێکخستنی کارەکەیدا بە پێچەوانەی نەریتی باوەوە کارەکە دەباتە بەردەم بینەرەکانی (نەک بە پێچەوانەوە) و ناچار بە تەماشا و تێڕامانیان دەکات، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕەخنەیی لێدەکەوێتەوە کە بینەرەکانی لە توێژێکی بەرپرسیار و تایبەتدان ناچار بە وەبیرهێنانەوە و تێڕامان دەکات لە ئاست پرسێکی تراژیدیی نەتەوەییدا، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەرلەمان شوێنێکی تایبەت بە نمایشی هونەری تێدا نییە و کارەکە گوازراوەتەوە بۆ ئەوێ. شێوەی بازنەیی هەمیشە هەڵگری هێزی بەردەوامی و نەمرییە و لە ئۆبجێکتەکەشدا بە ڕەنگە سپییەکەی وەک هالەیەکی پیرۆز کۆی کارەکەی لە خەرمانی خۆیدا کۆکردۆتەوە و هیچ بوارێک بۆ بەزاندنی ئەو سنوورە لە لایەن بینەرەوە نادات، ئەمە لەکاتێکدا گەر ئەو بازنەیە نەبوایە بەدڵنیاییەوە بینەر دەیتوانی پێبخاتە سەر پۆشاکەکان کە لە ئاستێکی زۆر نزمدا دانراون، ئەم بەپیرۆزکردنەش لەگەڵ ناوی کارە هونەرییەکەدا یەکدەگرنەوە و ڕەنگە هەر ئەمەش تەنیا پیرۆزییەک بێت کە لە کارەکەدا بەدی بکرێت.

## ئەزموونی ئیستاتیکیی کارەکە:

لەڕێی فاکتەرە بونیادنەرەکانی (ناونیشان، ئۆبجێکت، کۆنسێپت) پێکهاتەی کارەکە فۆرمێکی زەینیی واتادار کە هەڵگری گوتاری تایبەت بە خۆیەتی بۆ بینەر بەرجەستەدەبێت و لەم پەیوەندییەشدا بینەر درک بەو فۆرمەدەکات و لە لای بەرجەستەدەبێت. لە کۆی کارەکەدا هیچ ئیفێکتێکی ئیستاتیکیی بینەیی بەدیناکرێت و بە پێچەوانەشەوە ئۆبجێکتەکە هەڵگری دیمەنی پڕ ئازار و خەمناکیشە، بۆیە ئەوەی لێرەدا مەبەستە نیشاندانی ئیستاتیکایەکی ڕواڵەتیانە و بەرچاو نییە. بینەر لە پەیوەندیی نێوان

فاکتەرەکاندا درک بە ژێرپێخستنی پیرۆزییەکانی نەتەوەیەک دەکات کە لە چوارچێوەیەکی پیرۆزدا دەبنەوە بە یادەوەری و کاریگەری لە زەیندا. بۆیە ئەم درکپێکردن و ئەزموونکردنە کە لە ڕێی فۆڕمە زەینییەکەوە بینەر پێی دەگات دواجار کایەیەکی چێژبەخش و ئیستاتیکی دەبێت بۆ بینەر، هەر بۆیە لە ئەنجامدا بڕیاری جوانبوونی کارەکە لە لای خۆیەوە دەردەکات لەپاش ئەزموونکردنەکەی.



نموونەی (٢)

ناونیشان: هەڵوەشانەوە

ئۆبجێکت: کۆتەرە و ڕەگی درەخت

کۆنسێپت: چەمکی پێگە و شوێن لە هیترۆپیا

هونەرمەند: ئازاد کەریم

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠٢٢

شێواز: چەمکگەرا

ژانر: ئینستەڵەیشن

قەبارە: ٢٤٠ بە ٢٤٠ بە ١٢٠ سم

شوێنی نمایش: هەولێر- گەلەری جیهان

**ستەیتمێنت:**

*یارییە بێکۆتاکانی نێوان ناوەوە و دەرەوەی شوێنەکان، کاریگەریی هەبووە لە کێشانی نەخشەی کۆچ و سەفەری بێ ڕەگبوونی فۆرمی چارەنوسی تاک، لە هاوڵاتییەکەوە بۆ پەنابەرێک و دیسانیش بۆ هاوڵاتییەکی بیانی و جارێکی تر هەڵکەندن لەخاک و بێ ڕەگبوون و چوونەناو گەشتێکی بەردەوامی هەتاهەتایی لە گەڕان بەدوای شوێنی بەناو نیشتماندا. ئەمانە هۆکارێکن بۆ پرسیارخستنە سەر مانی خاک و ناسنامە و ئینتیما و سۆز بۆ وڵات. هەڵوەشانەوە ناونیشانی کارێکی هونەرییە کە لە ئەزموونی ٢٦ساڵ ئاوارەیی بەردەوامەوە بەرجەستە بووە، ئەم کارەش وەک بەشێکە لە پرۆژەیەکی پێشووتری هونەرمەند کە لێکۆڵینەوەیە لە سەر پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و شوێن لەکاتی ئاوارەبووندا بە هۆی ئەزموونی جەنگ و پاشماوەکانییەوە. کە گەڕانێکی توێری و پراکتیکییە بۆ کۆچ و کۆچبەران و پەیوەندییان بە پرۆسەی جیهانگیری و گۆڕانە کلتوورییەکانەوە. لە هەمانکاتیشدا هەوڵێکە بۆ دروستبوونی هۆشیارییەک لە بەرانبەر پارچەپارچەبوون و ئاوارەبوونی بەردەوامدا و کەوتنی هەمو ڕەوشت و دروشمە نەتەوەییەکان لە ئاست سۆزی ئەفسانەیی خاکدا.*

**باسکردن:**

هەڵوەشانەوە ناوی کارێکی ئینستەڵەیشنی هونەرمەند ئازاد کەریمە کە وەک هونەرمەندێکی دوورەوڵات و پەنابەر لە چوارچێوەی پرۆژەی هونەریی هیترۆپیا  لە گەلەری جیهان لە ساڵی ٢٠٢٢ دێتە نمایشکردن. کارە هونەرییەکە بریتییە لە کۆتەرەدارێکی لە ڕەگەوە هەڵکێشراو کە بە شێوەیەکی سەراوژێر لە ناو هۆڵی نمایشدا جێگیرکراوە. درەختەهەڵکێشراوەکە ڕەگ و ڕیشەی زۆری پێوەیە و بە فراوانی ٢٤٠ بە ٢٤٠سم و بەرزی ١٢٠سم فەزای هۆڵەکەی داگیرکردووە. ئەوەی لە

ئۆبجێکتەکەدا بەدیدەکرێت درەختێکی براوەی لە ڕەگەوە هەڵکێشراوە و هەروەک دیارە ڕەگ و ڕیشەیەکی فراوان و بەهێزیشی هەبووە بۆ داچەقین، واتە درەختێکی لاواز و وەشکەوەبوو نییە ئەم درەختە. کۆی کارە هونەرییەکەش هەر بریتییە لەم بنە دەرختە و هیچی دی، کە وەک ئۆبجێکتێکی ئامادە و بێدەستکاری و هیچ ڕازاندنەوەیەک لە ناو هۆڵی نمایشدا ئامادەیی دەبێت.

**شیکردنەوە:**

هەڵوەشانەوە فۆڕمێکی ناباوی درەختە بۆ مرۆڤ کاتێک بە شێوەی هەڵکێشراو و سەراوبنکراو لە هۆڵێکدا ڕووبەڕووی دەبیتەوە، بەو پێیەی کە فۆڕمی درەخت هەمیشە ڕەگ و ڕیشەی بە ناخی زەویدا ڕۆچووە و بە بەهێزی ڕایدەگرێت نەک ڕیشەکانی لە هەوادا پەرش و بڵاو بێتەوە، بۆیە ئەم فۆڕمە لە درەخت هەمیشە کاریگەریی ناجێگیری و لاوازی بۆ بینەرەکەی نیشاندەدات. بینەر لە بەرکەوتنیدا لەگەڵ ئەم درەختە کە ڕەگێکی فراوانی هەیە و لە هەوادا بڵاوەی کردووە و پاشان لەسەر بنکەیەکی باریکی براوە لەسەر کاشییەکی ڕووتەختی سافدا دانراوە هەست بە هیچ جێگیری و ئارامی و سەقامگیرییەکە ناکات لە درەختەکەدا، کە فۆڕمی درەخت لە وێنای بینەردا بە شێوەیەکی ڕاوەستاو و بەم قەد و ڕەگ و ڕیشەیەوە هەمیشە پڕ لە هێز و سەقامگیری و توند و تۆڵییە. ئەم فۆڕمە لە درەخت ئەوەندە ناجێگیرە کە ئاسانترین کاریگەری و هێزی درەکی دەبێتە هۆی کەوتن و بەربوونەوەی نەک بە پێچەوانەی فۆڕمی درەختێکی ئاسایی کە دەبووە هێمای هێز و لەبنەهاتن، بۆیە کە بە شێوەیەکی گشتی تەماشای درەختەکە دەکەیت وەک سێگۆشەیەکی ڕاوەستاو لەسەر یەکێک لە گۆشەکانی دێتە بەرچاو، کە ئەمەش هێمای ناجێگیرترین و لاوازترین دۆخی سێگۆشەیە وەک فۆڕمێکی ئەندازەیی بە پێچەوانەی ئەو دۆخە لە سێگۆشە کە لەسەر بنکەکەی جێگیر دەبێت و

دەبێتە بەهێزترین و جێگیرترین فۆڕمی ئەندازەیی لە ڕووی سەقامگیری و کاریگەرییە بینەییەکانییەوە لە چاو شێوە ئەندازەییەکانی دیدا.

**ڕاڤەکردن:**

هەڵوەشانەوە ناوێکە بۆ ئۆبجێکتێکی هونەری، کە درەختێکی لەڕەگاهەڵکێشراو و سەراوبن دانراوە لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی هونەریدا بە ناوی هیترۆپیا. هیترۆپیا ئاماژەیە بۆ ئەو ناشوێن و بێشوناسبوونەی کە کاتێک کۆچبەرێک لە شوێنی خۆی هەڵدەکەندرێت و لە سنووی نێوان نیشتمان و سەرزەمینی ئاواتەکاندا گیردەخوات و ناگاتە مەست، واتە شوێنێک وەک بەرزەخ دەبێت بۆ مرۆڤی کۆچبەر لە نێوان هەڵکەندن لە خاکی خۆی و نەگەیشتن بە خاکی ئاواتەکانی، ئەمەش واتە شوێن و پێگەیەکی تەواو ناجێگیر و ناسەقامگیر. بۆیە کاتێک بەم تێڕوانینەوە دەڕوانینە کارە هونەرییەکە ئۆبجێکتەکە ئاماژەکانی بەڕووماندا دەکاتەوە و ڕاڤەدەبێت. ئۆبجێکتەکە ئۆبجێکتێکی ئامادەیە و هیچ دەستکارییەکی لەخۆنەگرتوە بەڵام لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا هەر زوو بە ڕووی بینەردا واتادار دەبێت، ئەمەش بەو هۆکارەی کە درەختێکی وا پڕ لە ڕەگ و ڕیشە هەمیشە هێمای بەهێزی و پتەوی بووە بۆ بینەر کە ڕەسەنایەتییەکی تایبەت بەخۆی هەیە. بەڵام کاتێک بینەر بەم چەشنە درەختێک وا هەڵکێشراو و سەراوبنکراو دەبینێت لە چوارچێوەیەکی چەمکیی دیاریکراودا ئاماژەکانی ناجێگیری و لاوازی و بێشوناسی لە نێوان دوو دۆخی جیاوازدا هەستپێدەکات. ناسەقامگیری شێوە ئەندازەییەکەی ئۆبجێکتەکە کە لە شێوەی سێگۆشەیەکی ڕاوەستاو لە سەر گۆشەیە لە بری بنکەکەی، ناسەقامگیریی بابەتەکە لای بینەر چەند هێندە دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو دۆخە ناسروشتییەی کە درەختەکە تێیدایە و ڕەگەکانی لەبری لە خاکدا قەدەکەی توندوتۆڵ و ڕاوەستاو بکات، بە پێچەوانەوە، ڕەگەکان لە هەوادا پەرش و بڵاون و قەدەکەیشی بە

براوەیی و لاوازییەوە لەسەر زەوییەکی سافدا دانیشتووە، کە هەر ئەگەرێک ڕەنگە بیدا بە زەویدا و بکەوێنێت نەک خۆڕاگری لەبەردەم ئەگەرە سەختەکانی کە دێنە پێشی. ڕەگ و ڕیشە کە هەمیشە هێمایە بۆ نەسەب و ڕەسەنی، لەم ئۆبجێکتەدا لە خاکی خۆی هەڵکێشراوە و بێخاک و بێشوناس ماوەتەوە ئەوەش ئاماژەی ئەو دۆخەمان دەداتێ کە مرۆڤی کۆچبەر لە سەرزەمینی هیترۆپیا تێی دەکەوێت و بۆی دەبێت بە شوناسێکی نوێ. دەرختەکە ئاماژەی تەواومان دەداتێ لەسەر هەڵوەشانەوە و لە ڕیشەدەرهاتنی مرۆڤێک کە چۆن بە شوناسێکی بێ شوناسیی و دۆخێکی ناجێگیرەوە لە چاوەڕوانی ئاسۆیەکدایە کە ڕەنگە هەرگیز هەڵنەیەت. بە چواندنی ئۆبجێکتە ناسەقامگیرەکە لە ڕووی ئاماژە ئەندازەییەکانەوە بە مرۆڤی کۆچبەر ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئەم مرۆڤە چەند لە دۆخێکی بێشوناس و ناجێگیر و بارێکی لەرزۆکدایە و واقیع و شوناسی دۆخی هیترۆپیاشمان زیاتر بۆ بەرجەستە دەبێت.

**ئەزموونی ئیستاتیکیی کارەکە:**

بینەر لە ئاست ئۆبجێکتەکەدا بە پەیوەستکردنی بەیەکەوەی فاکتەرە بونیادنەرەکانی وەک ناونیشان و ئۆبجێکت و چەمک دەگات بە فۆڕمێکی زەینیی واتادار کە چەمکی کارەکە لای بینەر ئاوەڵادەکات. بە گرێدانی بەیەکەوەیی ئەم سێ فاکتەرە کە لە پێکهاتەی کارەکەدا ڕۆڵیان هەیە ئەوکات بینەر دەگات بە ئاماژەکان و گوتارە هزرییەکەی کارە هونەرییەکە کە ئەگەر بێتو فاکتەرێک لەم فاکتەرانە هەماهەنگ نەبێت لەگەڵ کۆی پێکهاتەکەدا ئەوسا دەکرێت ئەزموون و پەیامی ئۆبجێکتە ئامادەکە گۆڕانی بەسەردابێت، هەرئەمەش خەسڵەتی ئۆبجێکتی ئامادەیە لە کاری چەمکیدا. بۆیە ئەزموونکردنی ئەو فۆڕمە زەینییەی کە لە فاکتەرە بونیادنەرەکانی کارەکەوە سەرچاوە دەگرێت لە خوێندنەوەی کارەکەدا و دواجار بڕیاردان

به ئیستاتیکیبوونی کارەکە کە هەڵگری چێژێکی ئیستاتیکی دەبێت، گرنگ و پڕ بایەخ دەبێت.

**ئەنجام:**

پاش شیکاریی نموونەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە پێکهاتەی کاری هونەری چەمکی بنەمایەکی جیاواز لەخۆدەگرێت بە بەراورد لەگەڵ کارکردنی کلاسیک و مۆدێرن کە داڕشتنی هونەری و ڕێکخستنی ئیستاتیکی لە پێکهاتەیاندا ڕۆڵدەگێرێت، بەڵام هونەری چەمکی هەڵگری پێکهاتەیەکی جیاوز و ڕێکخستنی فۆڕمێکی جیاوازی تایبەت بە خۆیەتی.

ئەزموونکردن و خوێندنەوەی کاری چەمکی وەک ئەوەی کە لە شیکاری نموونەکاندا دەیبینین پێمان دەڵێت، ناونیشان و ئۆبجێکت و چەمک، سێ فاکتەری بنەڕەتی و کاریگەرن لە پێکهاتەی کاری چەمکیدا و پەیوەندیی نێوان ئەم سێ فاکتەرە هەڵگری ئەو فۆڕمەیە کە خوێندنەوە و ئەزموونکردنی کارەکە فەراهەمدێنێ.

کاریگەریی سێ فاکتەرەکە و پەیوەندیی نێوانیان لە پڕۆسەی ئەزموون و خوێندنەوەی کارەکەدا بە جۆرێکە کە ئەگەر بێت و گۆڕان بەسەر فاکتەرێکدا بێ، کۆی گوتارە مەعریفی و هزرییەکەی کارەکە دووچاری گۆڕان دەبێتەوە، ئەمەش بە ڕوونی لە نموونەی ٢ دا کە ئۆبجێکتێکی ئامادەیە بە ڕوونی هەستیپێدەکەین.

پێکهاتەی کاری چەمکی بۆ بونیادنان هیچ جۆرە ئیفێکت و ڕێکخستنێکی ئیستاتیکی وەرناگرێت (بە پێچەوانەی کارکردنی کلاسیک و مۆدێرن)، ئەمەش خەسڵەتێکی سروشتیی ئەم هونەرەیە کە لە شیکاریی هەردوو نموونەکەدا بە ڕوونی بەرچاوە و هەستیپێدەکرێت.

له ئەزموونکردنی ئۆبجێکتی هەردوو نموونەکەدا بە ڕوونی هەست بەوە دەکەین کە ئەگەر بێت و ئەو فاکتەرە بنەماییانەی پێکهاتەی کارەکە درک پێنەکەین، ئەوا ئۆبجێکتەکان بە تەنیا ناتوانن ئەو چەمک و گوتارەی کە بۆیان وەرگیراوە، بیگەیێنن.

## سەرچاوەکان:

### کتێب:

- اسمیت، ادوارد. (١٣٨٢). جهانی شدن و هنر جدید. ترجمه علیرضا سمیع آذر، چاپ دهم، تهران: نشر نظر.
- اوکویرک و دیگران. (١٣٩٣). مبانی هنر نظریه و عمل. ترجمه محمدرضا یگانه دوست، چاپ دوم، تهران: نشر سمت.
- بارنت، سیلوان. (١٣٩٢). راهنمای تحقیق و نگارش در هنر. ترجمه بتی آواکیان، چاپ دوم، تهران: نشر سمت.
- جنسن، چارلز. (١٣٩٣). تجزیه و تحلیل آثار هنرهای تجسمی. ترجمه بتی آواکاین، چاپ هفتم، تهران: نشر سمت.
- شاد قزوینی، پریسا. (١٣٨٣). مروری بر تاریخ نقاشی معاصر غرب از آرنوو تا پست مردنیزم. تهران: نشر سمت.

### نامەی ماستەر و نامەی دکتۆرا

- ایل کا، آزاده. (١٣٩٤). *کاربرد هنر مفهومی در عکاسی معاصر*. پایان نامه کارشناسی ارشد، رشته ارتباط تصویری، دانشکده هنر و معماری، دانشگاه آزاد اسلامی، تهران، استاد راهنما: پرناز گودرزپروری.
- سهیلی اصفهانی، بهروز. (١٣٩٥). بررسی عملکرد عنوان در انتقال و دگرگونی مفهوم در آثار تجسمی هنر مفهومی. پایان نامه کارشناسی ارشد، رشته پژوهش هنر، دانشکده هنر، دانشگاه شاهد، تهران، استاد راهنما: محسن مراثی.

- صابر، زهرا. (١٣٩٣). بازتاب هنرجدید غرب بر هنر معاصر ایران (ازاواخر دهه هفتاد تاکنون). پایان نامه کارشناسی ارشد، گروه پژوهش هنر، دانشکده هنر و معماری، دانشگاه آزاد اسلامی، یزد، استاد راهنما: فاطمه شاهرودی.

### توێژینەوەی بڵاوکراوە

- جمالی، مریم. (١٣٩٤). *مقدمه‌ای بر مفهوم فرم و فرمالیسم در هنر مدرن*. فصلنامه جستارهای فلسفی، ١١، ٢٨: ٥-٣٣.

### گۆڤار

- نامور مطلق، بهمن. (١٣٨٨). *عنوان شناسی آثار هنری و ادبی*. مجموعه‌مقالات چهارمین هم اندیشی نشانه شناسی هنر، شماره ١٨.

### سەرچاوەی وێنەکان

(١) https://www.wikiart.org/en/rogier-van-der-weyden/christ-on-the-cross-with-mary-and-st-john

(٢) https://www.wikiart.org/en/piero-di-cosimo/crucifixion-of-christ

(٤)https://www.wikiart.org/en/joseph-kosuth/one-and-three-chairs

(٥) https://www.wikiart.org/en/artists-by-art-movement/dada#!#resultType:masonry

(٦) https://www.wikiart.org/en/leonardo-da-vinci/mona-lisa

(٧) https://www.wikiart.org/en/jackson-pollock/number-8-detail
(٨) https://www.wikiart.org/en/andy-warhol/brillo-soap-pads-boxes-1964
(٩) https://www.wikiart.org/en/joseph-kosuth/four-colors-four-words
(١٠) https://www.wikiart.org/en/joseph-kosuth/five-words-in-green-neon
(١١) https://www.wikiart.org/en/joseph-kosuth/one-and-three-chairs
(١٢) https://www.wikiart.org/en/damien-hirst/the-physical-impossibility-of-death-in-the-mind-of-someone-living

**چکیده**

هنر مفهومی در دهه ۱۹٦۰ به عنوان ادامه روند تاریخ هنرهای تجسمی خودرا نمایان میکند، تاریخی که از نظر تئوری و کاکرد دستخوش تغییرات اساسی و ریشه‌ای بسیاری شده است، که سرنجام همه تغییرات منجر به ظهور هنر مفهومی شده است. بنابراین، باید برخوردمان را با این هنر را به عنوان یک واقعیت تاریخی در سیر قلمرو هنر تلقی کنیم. هنر مفهومی همانطور که از نامش پیداست عامل مفهوم و اندیشه را یکی از اصول اساسی و بنیادین خود دارد تلقی میکند که خود این عامل باعث می شود که این هنر در ساختار خود تمام اصول و عوامل تشکیل دهنده خود را به عنوان یک اثر هنری حل و بازسازی کند. بدیهی است که هر شکل هنری ساختار و سازماندهی خاص خود را برای تجسم و اجرا دارد و همچنین درک و توجه به این ساختار در فرآیند خوانش و تجربه یک اثر هنری تأثیر بسزایی دارد. بنابراین هنر مفهومی نیز به عنوان هنری مستقل و جدا از هنر کلاسیک و مدرن، ساختار و اصل کار خاص خود را دارد که در فرایند خوانش و تجربه آن توجه به همان اصل را می طلبد.

کلیدواژه: هنر مفهومی، مفهوم گرایی، ترکیب هنری مفهومی، چیدمان.

**summary**

conceptual art has appeared in 1960s as a continuation of art history, when it undergo various practical and theoretical radical changes which resulted in conceptual art establishment. Therefore, our observations should be directed towards this art as a fact of art history .

Conceptual art, as its name suggests, has the concept and thought factor as one of its main principles. It is clear that each form of the art has its own structure and organization, while understanding the formal drawing and completeness during the process of studying and experimenting the work of art has a great influence .

Therefore, conceptual art, as an independent art and separate from classical and modern art, has its own structure and principle of work that requires attention on the same principle in its reading and experiencing .

Keywords: conceptual art, conceptualism, conceptual art composition, installation.